
# گاڵتەی دڵان

عاکیف کورتولوش
(تورکیا — ئەنقەرە)
لە تورکییەوە: ناسح حوسێن سلێمان

کەژێکی کاریگەر بوو،
لە کەژی ڕاودا، نێچیر،
لە قەدەغەکردنی نێچیراندا، نێچیرەوان.
زراوم چوو، شڵەژام،
بەڵام لەم دارستانەدا، شەوان، بەخۆشییەوە،
چەک هەڵدەگرن.
کۆڵانەکان تەڵەن، ژوورەکان: بۆسە.
هەڵخەڵەتان گیانی مرۆڤ هەڵدەگلۆفێ،
بۆچی هەموو کەس بە ئارەزووی خۆی تەڵەکان
دەپارێزێ!
بیرت نەچێ، شەمشەمەکوێرەکانیش یاری
چاوشارکێ دەزانن.
بەڵام دڵیان نابینن، باڵەکانیان لە دیوار دەدەن،
بە دوای خوێندا دەگەڕێن.
تەگبیر کراوە، ڕێگەی هەڵاتن کراوەتەوە،
لەم تاڵانکردنەدا شارەزام.
لێ دیسان دڵی یەکێک دەبێتە چرا و هەر بە
گاڵتە دەکوژرێت.
هەواڵدەر کێیە! یەکەم گوللە هیی کێ بوو کە
پێکامی!
با کەس بێدەنگ نەبێت.
تەنیا دڵە، ئەم ژوانە نهێنییە دەگێڕێتەوە.
ئەم شتانەی دەیشکێنن، لەم ژیانە مەپرسە،
وەڵامی هەڵخەڵەتاندن نادرێتەوە،
بۆیە ئەو دڵە ئەنگاوتەیە لە هەر گاڵتەکردنێکدا،
هەموومان قەرزاری ئەو دڵەی خۆمانین.



## دەرد و هەوەس

ژیانی من،
لە ڕازی نیگای گوڵێکدایە،
کێ دەتوانێ بە تەڵەی ڕەشێنەی چاوتەوە نەبێت!
ئەمە چەندەمین کارەساتە، تۆ لە چەندان ڕزگارت بوو!
کەس نایەوێت ئەم نەگبەتییانە بیر بخاتەوە،
لەم ڕێچکانەدا نەشارەزاین،
هەر تۆی هۆشی ژیانی من،
لە خلیسکانمدا ڕنووی بەفر و لە چرپەمدا دەنگی خوێن،
لە نێوان لوولە و سێرەی تفەنگدا
هەوەس و بۆ فیشەکیش وەک دەردێکیت.
ئەی ژیانی من:
تۆ نیشانەی، چاوەکانم ناتبینن،
بەڵام لەناو برینان، لەناو گیانمدا تۆ هەی.
دانی پێدا بنێ، ژیانەکەم!
ئەگەر لە دایکێکیش نەبین، لێ هەر دووانەین،
زۆرم پێ ناخۆشە، منەتت بەسەردا بکەم!
یەکێکمان جازییە، بەڵام کاممان مەجزووبین!
گەر هەناسەم هەڵبکێشم، ئەتۆ دەگری،
ئای کە بەختەوەریت ناخۆشە!
تەمەنم کۆتایی هات و
هەر شەرم لە ئەڤینی دەکەین.

## چاڵ

پاش براکەت، دەمەوێ باوەڕم بە ژیانی خۆم هەبێت،
ژیانم بە سەیرکردن لەم چاڵەدا تەواو دەبێت، یان نا!
جار — جار پێم باشە،
پێم بڵێی بیرم مەکە.
هەروەک دەزانیت:
ئەگەر دەژین، هەموو ڕۆژێ
قەرزاربارى شێتیی خۆمانین.

## هاوڕێ

کە خۆت شاردەوە،
مشتێ خاک بەسەر خۆتدا دەکەیت،
بۆ دوا جار سەیری پاش خۆت دەکەیت،
هەبوونی خۆت لەوێ بەجێ هێشتووە.
ئەو شوێنەی کۆچت لێ کرد، ئێرە بوو.
لێوە کولبووەکانت
هەر بەم گرفتەوە دەژین.

## ئاوێنە

پاش ئەوەی ڕۆیشتی،
جارێک لە تۆ و جارێک
سەیری ئاوێنەکەم کرد،
لە تاریکیی بێ تۆییدا
لە ژیان سەرم سوڕدەمێنێت.

*** ئـەم شـیعرانە لەلایـەن شـاعیرەوە، ڕۆژی یەکەمـی فیسـتیڤاڵی ڕامـان سـەر لـە بەیانـی ڕۆژی ٢٠٢٥/١٢/١٧ خوێنراونەتــەوە.**

**(ڕامان)**